www.kurdistannet.org
14-4-2003 2:53

# يەك دەنگی و فرەڕەنگی کوردو مەرگی داهۆڵەکە

عومەر کەریم بەرزنجی

ناتەبایی و ناکۆکیە ناوخۆییەکان، فاکتەرێکی سەرەکی بوون بۆ شکست و بەئامانج نەگەیشتنی گەلی کورد، هەرچ کات و سەردەمێکیش کورد توانیبێتی ریزەکانی خۆی یەکخات توانیویشێتی سەرکەوتنی مەزن بەدەست بێنێت، یەکخستنی گوتاری سیاسی کوردی و یەکخستنی دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکان لەژێر یەك چەتردا، زەمینە سازییەکە بۆ بەئامانج گەیشتنی یەك جارەکی و هێنانەدی زۆربەی خەون و ئاواتەکان، ئەم یەکبون و تەباییەش بەیەکتر قبوڵ کردن و لێبوردەیی دەبێت لە بەرامبەر یەکتردا، دەکرێت ئێمە بەفرەڕەنگییەوە بتوانین ئامانجەکانمان بهێنینەدی و کۆمەڵگایش بەرەوپێش بەرین، ئەو بۆچونە زۆردروستە کەپێی وایە ئەگەر هەمومان وەك یەك بیربکەینەوە مانای وایە کەسمان بیر ناکەینەوە.

ئەگەر بەگیانی یەکتر قبوڵ کردنەوە خۆمان ڕابهێنین و گیانی تۆڵەسێنی و دەمارگیری ڕیشەکێش بکەین ئەوا دەتوانین هەنگاو بەهەنگاو بەرەوپێش بچین، ئەمەش پێویستی بەلێبووردەیی هەیە" لەسەردەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا زۆربەمان بەعەقڵیەتی شاخ بیرمان دەکردەوەو لەسەر جیاوازی ڕەنگ و ئینتیما بەشەڕ دەهاتین تەنانەت ئەم ناکۆکیانە پەلیان بۆناو ماڵەکانیش هاویشتبوو، بەرئەنجامی ئەم عەقڵیەتەش شەڕی ناوخۆی لێکەوتەوە ئەوشەڕەی گەورەترین زیانی پێگەیاندین و سەدان و هەزاران ڕۆڵەی ئەم گەلەی لەپێناو گردۆڵکەو شاخێکدا پێ بەکوشت داین" ڕەنگە بپرسن ئێستا لەم هەلومەرج و بارو دۆخەدا کەتەواوی خەڵکی کوردستان و عێراق بەبۆنەی شکست و دۆڕانی خوێنڕێژترین دیکتاتۆرەوە ئاهەنگی شادی دەگێڕن چی پێویست بەگێڕانەوەی حیکایەتی ڕابردوو دەکات پرسیارێکی بەجێیە ئەوەی منی پەلکێش کرد بۆ باسکردنی شەڕی ڕەنگەکان بەرز کردنەوەو ڕاوەشاندنی ڕەنگەکانە لەئێستادا لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە بەگشتی و جیلی لاوان بەتایبەتی" ئەگەرچی هەست بەدەمارگیری و حەساسیەت ناکرێت لەبەرامبەر یەکتریداو تەنانەت کەسانێك دەبینین ڕەنگەکانی ئاوێزان کردووەو هەست بە یەکدەنگی و فرەڕەنگی دەکرێت، وەلێ دەبێت زۆر بەوریاییەوە مامەڵە بکرێت و بایەخ بەکلتوری لێبوردەیی بدرێت و ئیدی جەماوەر ڕۆڵی کاراو گرنگیان هەبێت لە هەر گۆڕانکاریەکداو لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆیاندا ئەم قۆناخەش قۆناخێکی گرنگ و چارەنووس سازەو هەلێکی مێژوویی بێوێنەیە پێویستە زۆر بەوریاییەوە مامەڵە بکرێت و ئەم هەلە زێڕینە لەدەست نەدرێت، چونکە ئەو ڕوداوانە دەگمەنن و مەحاڵە دوبارە ببنەوە.

مێژووی عێراق تائێستا ڕۆژێکی وای بەخۆیەوە نەبینیوە، ئەو دیکتاتۆرەی لەئاست گەلانی عێراقدا گەورەترین دڕندەبوو ڕەوشێکی پرتۆقاندن و ئیستبدادی وەهای دروست کردبوو، زۆربەی هاوڵاتیان بوبونە قوربانی خەون و مەرامەکانی" ئەم داهۆڵە هەمیشە دێوەزمەیەك بوو بەردەوام خەونەکانی دەزڕاندین، ئەم داهۆڵە کاتێك لەئاست ئێمەی لاوازوو بێ پشت و پەنادا خۆی لێ دەبووە پاڵەوانێکی بێوێنە ئیدی پێی وابوو لەئاست هەمواندا دەتوانێت پاڵەوان بازی خۆی بنوێنێت، دەی ویست ڤێتنامێکی دی بۆ ئەمریکی و هاوپەیمانەکان درووست کات، وەلێ ئەو داهۆڵە هەرزوو شکستی هێناو خۆی ون کرد سەدام بەدرێژایی حوکم ڕانێتی جگە لە شەڕوو کاولکاری هیچی تری بەدیاری بۆ گەلانی عێراق بەگشتی و گەلی کوردی بندەست و داگیر کراو بەتایبەتی پێنەبوو ئەو دێوەزمەیەك بوو بەردەوام خەونەکانی دەزڕاندین، وەلێ ئەم جەنگە توانی خەونەکانی ئەو داهۆڵە بزڕێنێ و تەنانەت تۆڵەی ئەم گەلە بەشبەینەتەی لێ بسێنێ.

٢٠٠٣/٤/12
سلێمانی

تێبینی کوردستان نێت:

www.kurdistannet.org
14-4-2003 2:53
ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org کوردستان نێت